# مەسیحیەت و سەرمایەداری چۆن گەیشتنە زانست

رودنی ستارك[١] و بۆفایمی:و.بۆ فارسی عەلی محەمەد تەباتەبایی
و. بۆ کوردی عەولا بەهرامی

کە ئەوروپییەکان بۆ یەکەم جار دەستیان کرد بەپشکنینی جیهان نەك لەبوونی کلتوور و ژیارگەلی دیکە، بەڵکوو لە ئاستی باڵادەستی تەکنیکی خۆیان بەسەر باقیی شوێنەکانی جیهاندا، سەرسام بوون. تەنیا ژیاری شکۆداری مایا، ئەزتەك وئینکایەکان نەبوون لە بەرامبەر پەلاماری ئەوروپییەکان، دامابوون، بەڵکو ژیارە ئەفسانەییەکانی رۆژهەلاتیش، چین وهیندو وڵاتانی ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپییەکانی سەدەی پانزەهەم، بە دواکەوتوو لەقەڵم دەدران. چۆن ئەو جیاوازیانە دروستبوون؟بۆچی ئاوا پێش هات؟ لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ژیارەکان بەدوای کیمیا گەرییەوە بوون، بۆ تەنیا لە ئەوروپا کیمیاگەران گەیشتنە زانستی کیمیا؟ لەبەرچی چەند سەدە هەر ئەوروپییەکان بوونە خاوەنی تێلیسکۆب، کاتژمێر، سوپای گەورەی سوارە ، سیستمێك لە هێما مۆسیقییەکان (نۆت)؟ چۆن ئەو وڵاتگەلەی لە وێرانەکانی رۆمەوە سەریان هەڵدابوو، بەم مەودا زۆرەوە وەپێش باقی جیهان کەوتن؟

لەم دواییانەدا چەند کەس لە لێکۆڵەران رازی سەرکەوتنی رۆژئاوایان لە جوغرافیادا تاوتوێ کردووە، بەڵام ئەو جوغرافیایە کە بۆ ماوەیەکی درێژ کلتووری ئەوروپاییەکانی پاراست زۆر لە کلتووری ئاسیایی دواکەوتووتر بوو. ژمارەیەك لە شرۆڤەکاران دەرکەوتنی رۆژئاوا دەگێڕنەوە بۆ پۆڵا، بۆ چەکی قورس و پاپۆڕە ئۆقیانووس پێوەکان ، ژمارەیەکی دیکە سەرکەوتنی رۆژئاوا بۆ کشتوکاڵی پڕ بەرهەم دەگێڕنەوە. گرفت ئەوەیە ئەو وەڵامە تەنیا بەشێکی ئەو شتەیە کە دەبێ روونبکرێتەوە : بۆ ئەوروپاییەکان لە کانزاناسی (میتالۆژی)، پاپۆرسازیی وکشتوکاڵدا وەپێش باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان کەوتن؟

پەسەندترین وەڵامــی ئــەم پرسـیارە بــاڵا دەسـتیی رۆژئاوا دەگەڕێنێتەوە بــۆ دەرکــەوتنی سـەرمایەداری، واتە ئەو شتەی تــەنیا لــە ئــەورووپا روویــدا. تەنانــەت دوژمنــە سەرســەختەکانی ســەرمایەداری لەســەر ئــەم بڕوایەن کە ئەو سیستەمە پێشکەوتن و بەهرەوەرییەکی ئەوتۆی وەدیهێنا کەس بە خەونیش نەیدیبوو.

لــە مانیفێــستی کۆمۆنیــستدا کــارل مــارکس و فریدریش ئەنگێلس ئەم بۆچوونەیان هێناوەتــە گــۆڕی کــە بــەر لــە دەرکــەوتنی ســەرمایەداری مرۆڤــەکان گــیرۆدەی ((گــەورەترین ســستی و بێحــاڵی))دەبــن. سیستمی سەرمایەداری ((یەکەم سیــستم بــوو دەری خست تێکۆشانی مرۆڤ دەتــوانی چ بەرهەمگــەلێکی بەنرخی لێ بکەوێتەوە)).

بۆ گەیــشتن بەموعجیزەیــەکی ئــەوتۆ سیــستمی سەرمایەداری ، بەمەبەستی بەهرەگیری پــتر دەسـتی دایــە ســەرمایەگوزاری دووبــارە و بــەردەوام. کــە مەبەست لەوەش زیاد کردنی قەوارە و توانای زیــاترو چاکــسازی هونــەروەری بــوو. شــتێکی دیکــە کــە یارمەتیی بەرەو پێش چوونی رۆژئاوای دا خولقانــدنی خولیای کار لەناو لە خاوەنکــارو کرێکارەکانــدا، بــە زیادکردنی پاداشت.

بە گریمانەی ئەوەی کــە سیــستمی ســەرمایەداری بوَتە هۆی ((تەکانێکی بەرەو پــێش)) لــە ئــەورووپا، هێشتا پێویستە روون بکرێتەوە ،بۆچی سەرمایەداری تەنیا لە ئەورووپا گەشەی سەند. ژمارەیەك لێکۆڵەران بنچینەکانی سەرمایەداری دەگێڕنەوە بۆ چاکــسازییە پرۆتستانییەکان و ژمارەیەکی دیکــەش دەیگێڕنــەوە بــۆ هــەل ومــەرجی سیاســی جیــاواز. بــەڵام ئەگــەر کەسێك بەناخیدا بچێتە خواریٚ بــۆی روون دەبێتــەوە بنەمای راستەقینە نەتەنیا بۆ سەرمایەداری، بــەڵکو بۆ دەرکەوتنی رۆژئــاواش لــە شــتێك زیــاتر نــەبووە! ئەویش بڕوای تۆکمە بە ئاوەز.

بەرەو پێشچوون و گۆڕانگــەلێك کــە ئــاوەز تێــدا سەرکەوت، فۆرمێکی کەم وێنــەو تایبــەتی بــەکلتوری رۆژئــــاواو دامــــەزراوەکانی بەخــشی. ســــەرکەوتنی هەرەگرینگ لەنێو خودی مەسیحییەتدا وەدی هــات. لە حاڵێکدا بــاقی ئایینــەکانی جیهــان پێیــان لەســەر نهێنی و رازەکان و هێزی بەڵگەویست دادەگرت، تەنیا مەسیحیەت بوو ئاوەزو لۆژیکی وەك گرنگترین رێنوێن بــۆ حەقیقــەتی ئــایینی وەرگــرت. بــڕوای مەســیحی بەئاوەز لە ژێــر کاریگــەری فەلــسەفەی یۆنــان دابــوو. بەڵام راستیی لەوەش گــرنگتر ئەوەیــە کــە فەلــسەفەی یۆنانی کاریگەرییەکی کەمی لەسەر ئاینیەکانی خودی یۆنانی هەبوو. ئاینیە یۆنانییەکان هــەروا لــە فــۆرمی ئاینی پڕ رازو هێمــادا مانــەوە کــە لەوانــدا بولێــل و ناکۆکییە لۆجیکییەکان بە نیشانەی سەرچاوەی پــیرۆز چــاو لــێ دەکــران. گریمانــە گــەلێکی هاوشــێوە کــە لێکۆڵینەوە هەڵنەگری خواکان و باڵادەســتیی فکریــی دەرونگەری لە هەر شتێك بەگرنگتر دەزانــی، زاڵ بــوو بەسەر ئاینییەکانی دیکەی جیهاندا.

بەڵام هەر لە سەرەتاوە، پیاوانی ئاینی لەم بڕوایــە دابوون کە ئاوەز باڵاترین دیاری خودایــیەو ئامرازێکــە بۆ چوونە سەری پلەبەپلەی تێگەیشتن لە نووســینەکانی کتێبی پیرۆز(ئینجیل)و بەهرەی خودایی. لــە ئاکــام دا هەنگاوەکانی مەســیحییەت بــەرەو داهــاتوو ئاراســتە بــوون. لــە حاڵێکــدا ئاینیــە ســەرەکییەکانی دیکــە جەختیان لەسەر باڵاتری رابردوو دەکــردەوە. رێنماییــە مەســــیحییەکان رێگــــەی ئــــەوەیان دەدا ئەگــــەر

پێشکەوتنێك ئاوەز بیسەلمێنێ لانیکەم لە بنەمادا نەك هەمیشە دەکرێ رێنماییەکانی بۆ چاك بکرێ. بروا بەهێزی ئاوەز کە لە سۆز و پشتگیری زانایانی فیرکار بەرخوردار بوو، لە زانکۆی سەدەکانی نێوەراستدا کە لەلایەن کلێساوە دامەزرابوون، رەنگی دەدایەوە، فەرهەنگی رۆژئاوای ئاخنی. ئەمەش بوو بە هۆی لێکۆلینەوە، زانستخوازی، سەرهەلدانی تیۆری وپرۆسەی دیموکراسی. دەرکەوتنی سەرمایەداری ،سەرکەوتنی ئەو ئاوەزە بوو کە ئیلهامی بە کلێسا دەبەخشی، چونکە سەرمایەداری لە ناخی خۆیدا بەکاربەری روناکبیرانەی ئاوەز بوو لە بازرگانیدا۔ ئەو شتەی سەرەتا لە زەوی وزاری پان و بەرینی پەرستەگەکاندا هاتەکایەوە.

روناکبیرانی رۆژئاوایی لەجیاتی روونکردنەوەی ئەم خالە کە مەسیحییەت (سەرەرای نالێبووردەیی) یارمەتیی بە هێزبوونی رۆژئاوای داوە بۆ زالبوون بەسەر کۆمەلگەکانی دیکەدا،بە درێژایی سەدەی رابردوو دەیانویست ئیمپریالیزمی ئەوروپا بگەرێننەوە سەرویست وداواکانی مەسیحییەت. کەچی دەلێن: رۆژئاوا ئەو کاتە دەستی بە پێشکەوتنی خۆی کرد کە سنووری ئەو برگە دینیانەی بەزاند کە رێگری زانستە نوێیەکان بوون. بەلام لافێکی ئەوتۆ بە هیچ شێوەیەك راست نییە. سەرکەوتنی رۆژئاوا، بۆ وێنە سەرهەلدانی زانست بەتەواوی لەسەر بنەماکانی ئایین بەند بوو، ئەوانەی بوونە هۆی ئەو سەرکەوتنە هەموویان مەسیحییە بروادارەکان بوون. بەداخەوە زۆر لەو کەسانەی دەیانەوێ لە هاتنەدی ئەو پێشکەوتنانەدا رۆلێك بدەن بەمەسیحییەت، وایان بەباش زانیوە کاریگەرییە باشەکانی ئایین لە چاکسازییە پرۆتستانیەکاندا کورت بکەنەوە. گوایا لە ١٥٠٠ سالی رابردوودا، مێژووی مەسیحیەت نەك هەر بێ بایەخ بەلکو زیانیشی بووە.

ئەم چەشنە روانینە ئەکادیمیانەی دژە مەزهەبی کاتۆلیکی رۆم،ئیلهام بەخشی ناودارترین کتێبە کە لەمەر سەرچاوەکانی سەرمایەداری نووسراوە. لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا کۆمەلناسی ئەلمانی ماکس ویبەر کتێبێکی بەناوی(ئاکاری پرۆتستانی و روحی ئاینی کاتۆلیك) بلاوکردەوە کە بەزوویی بوو بە لێکۆلینەوەیەکی پر خوێنەر. لەو کتێبەدا ویبەر ئەو بۆچوونەی هێنایە گۆرێ کە دەبێ تەنیا ئەوروپا بە سەرچاوەی سەرمایەداری بزانرێ ،چونکە لە نێو هەموو ئاینییەکانی جیهاندا تەنیا ئاییینی پرۆتستانە روانگەیەکی ئاکاری بەرهەم دێنێ و بەتوندی بەدوای دۆزینەوەی سامانەوەیە و مرۆڤ رێنوێنی دەکا تا لە بەکاربەری خۆبپارێزێ. بەلگەی ویبەر ئەوەبوو بەر لە چاکسازیی ئایینی، بەرگرتن لە بەکاربەری، هەمیشە پێوەندیی بەخۆپارێزییەوە هەیە، هەر بۆیەش رخنەی لە بازرگانی دەگرت. بەپێچەوانەشەوە، پاشەکەوتی سامان پەیوەندی بەبەکاربەری زێدەرۆیانەوە هەیە. هەر چۆنێك بێ وێنە کلتوورییەکان دوژمنایەتی سەرمایەداریی دەکەن. بەپێی بۆچوونی ویبەر،خەسلەتەکانی ئاینی پرۆتستانی ئەو پێوەندییە نەرێتییەی لەبەریەك هەلوەشاندو کلتوورێکی لە پیشەوەرە بەمشوورەکان خولقاند کە ئامادە بن بە مەبەستی گەیشتن بەسامانی پتر دووبارە سەرمایەگوزاری بکەنەوە .کلیلی گەیشتن بەسەرمایەداری و بالادەستیی رۆژئاوا لەم خالەدایە.

رەنگە لەبەر ئەوەی تیۆرییەکی جوان و تۆکمە بوو ئاوا بەفراوانی پێشوازی لێکرا،کەچی سەرەڕای ئەوەش بەتەواوی هەڵەبوو. تەنانەت ئێستاکەش ((ئاکاری پرۆتستانی)) لە ناو کۆمەڵناساندا پێگەیەکی تارادەیەك پیرۆزی هەیە، ئەویش لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسە ئابوورییەکان هەرزوو ئەو نامیلکەیان رەتکردەوە کە بێبەرییە لە بەڵگەی شیاوو پەسەند. بەڵگەی حاشا هەڵنەگریان ئەمە بوو: سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە بەر لە چاکسازیی ئایینی. دەساڵ دوای ئەوەی ویبەر کتێبەکەی بڵاوکردەوە، لێکۆڵەری ناسراوی بەلجیکی هێنری پیرنە (Henri Pirnea) ئاماژەی بەزۆر سەرچاوەی نووسراو کرد کە هەموویان ئەم راستییەیان دەسەلماند: (تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەرمایەداری وەك،گیانی داهێنانی تاکەکەسی لە بازرگانیدا، پێشکەوتن گەلێك لە متمانە بانکییەکاندا، سوودە بازرگانییەکان، سەوداو مامەڵەو.... . لە سەدەی ۱۳ەوە لە کۆمارەکانی ئیتاڵیا وەك ڤینیز، جنێڤاو فلۆرانس بەرچاو دەکەوتن). بەرەبابێك دواتر مێژوونووسێکی لەو ئاستە بەناوبانگ (بێرنارد بڕۆدل) خەڵکی بەلجیکا گلەیی دەکا کە ((هەموو مێژوونووسان دژایەتیی ئەو تیۆرییە لاوازەیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دیارە هەڵەیە، نەیان توانیوە لێی دەربازبن. وڵاتانی باکووری ئەورووپا دەستیان بەسەر ئەو پێگانە داگرت کە پێشتر بەلێزانی و ماوەیەکی دوور و درێژو لە ژێر کۆنتڕۆڵی ناوەندە کۆنەکانی سەرمایەداریی وڵاتانی ناوچەی دەریای سپی ناوەراست دابوون،کەچی هیچ شتێکیان دانەهێنا، نە لە پیشەسازی و نە لە بەڕێوەبردنی بازرگانیدا). دیارە بڕۆدل دەیتوانی ئەوەی لێ زیاد بکا کە بە درێژایی قۆناخی چارەنووس سازی ئەو وڵاتانە لە پێشکەوتنی ئابووریدا، ناوەندەکانی سەرمایەداری باکووری ئەورووپا لە دەست کاتۆلیکدا بوون نەك پرۆتستان،بەم پێیە چاکسازیی ئایینی دەبوو چەند سەدە چاوەڕوان بێ. جگە لەوانە، هەروەك مێژوونووسی کەنەدیی جان گیلکریست (John Gilchrist)ی خاوەنڕا لە ئابووری کڵێساکانی سەدەکانی نێوەڕاست ،ئاماژەی پێ کردووە، یەکەم نموونەی سەرمایەداری،لە پەرستگە گەورەکانی مەسیحیدا سەریهەڵداوە.[٢]

لەگەڵ ئەوەش کە ویبەرر هەڵە بوو، بەلام لەم رووەوە راستی دەگوت کە هزرو ئاینییەکان رۆڵی دیاریکردنیان لە دەرکەوتنی سەرمایەداری ئەورووپادا هەبووە. هەلومەرجی پێویست بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری لەزۆربەی ژیاری ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا هەبووە وەك، چین، جیهانی ئیسلامی، بیزانس و رۆمی کۆن و یۆنان، بەلام هیچکام لەو کۆمەڵگایانە کۆسپەکانیان نەبڕی و نەگەیشتنە سەرمایەداری، هیچکامیان دیدگایەکی ئەخلاقی گونجاویان بۆ ئەو سیستمە ئابوورییە چالاکە بەرهەم نەهێنا. لەجیاتی ئەوە، ئایینە گرنگەکانی دەرەوەی جیهانی رۆژئاوا بەشوێن ئازار چەشتن و گۆشەگیرییەوە بوون و بەهرە ماددییەکانیان بەخراپ دادەنا. سامانی گوندنشین و بازرگانەکان لەلایەن توێژی چاوچنۆکی سەرەوە کە لافی بەسامانەکەیەوە لێ دەداو ژیانی بە پارە سەرفکردن دەزانی، بەزۆر دەستێندرا. ئەدی بۆ لە ئەورووپا دۆخەکە بەجۆرێکی تر گۆڕا؟. هۆکارەکەی بەسترانەوەی مەسیحییەت بوو، بەئیلاهیاتی دامەزراو لەسەر

لۆجیك، رەنگە لە چاکسازییە ئاینییەکان دا رۆڵی هەبووبێ، کە بەدڵنیاییەوە هەزار ساڵ زووتر لە پرۆتستاتیزمدا هاتەکایەوە .

لەم بارو دۆخەشدا سەرمایەداری تەنیا لە هێندێك شوێن گەشەی کرد، نەك لە هەموو جێگایەك، بۆ؟ چونکە لە هێندێك کۆمەڵگەی ئەوروپایی و کۆمەڵگەکانی دیکە جیهان زۆرداره چاوچنۆکەکان رێگری سەرمایەداری بوون. کەواتە ئازادی بۆ گەشەی سەرمایەداران پێویست بوو. لێرەدا گرفتێکی دیکە قوت دەبێتەوە: ئازادی لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان بە دەگمەن دەبینرا، ئەدی چۆن بوو ئازادی لە ناو هێندێك وڵاتی ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست ئاوا پەرەو باڵی دەرکرد؟ ئەوەش سەرکەوتنێکی دیکە بوو بۆ ئاوەز. بەرلەوەی وڵاتێکی ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست بەهۆی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو هەوڵ بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت بدا، دەمراستە مەسیحییەکان لەمەڕ یەکسانی ومافی تاکەکان، خەریکی تیۆری داڕشتن بوون ، لە راستیدا بەرهەمەکانی دواتری تیۆریسییەنە سیاسی و سیکۆلارەکانی سەدەی ١٨ وەك جان لاك لەسەرەبنەمای یەکسانیخوازی زانایانی کڵێسا دامەزرا بوو.

هەمووی ئەمانە لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەر لە سەرەتاوە زانا سەرەکییەکان وایان (خەڵك) پەروەردە دەکرد کە بڕوا بەئاوەز لە بڕوابوون بەخوا جیاناکرێتەوە. هەروەك کوڤینتوس ترتولیان لەسەدەی دووهەمی زایینیدا گوتی: ((ئاوەز لە خواوەیە، چونکە هەر شتێك خوای خولّقێنەری جیهان دروستی کردووە و بڕیاری داوە بەهۆی ئاوەزەوە بووە)). لە ئاکامدا بەم چەشنە وێنا دەکرێ کە ئاوەز کلیلی بەرەو پێشچوونە لە ناسین و تێگەیشتنی گوتاری خوا،خوا ناسی مرۆڤەکان پەی بردن بەرازەکانی بوون، بەرەبەر پتر دەکا. سێنت ئاگۆستین (٤٣٥- ) بەوالاّیی دەیگوت لە رێگای ئاوەزەوە ئێمە خوا دەناسین کە هێدی هێدی وردبین تر دەبێ. ئەو ئاماژە دەکا کە لەگەڵ ئەوەی ((هێندیك رەهەندی تایبەت لەگەڵ رێوشوێنی رزگاریدایە ئێمە ئێستا ناتوانین سەریان لێ دەربکەین، بەلاّم رۆژێك دێت بتوانین تێیان بگەین).

دیارە بڕوای مەسیحییەت بەپێشکەوتن تەنیا لە ئیلاهیات دا کورت نەدەبۆوە. ئاگۆستین بەدوورو درێژی لەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرە دەدوێ کە تکنۆلۆجی مرۆڤ بەدی هێناوە ،هەمووی ئەوانە ئاکامی ئەو ((بەهرە لەباس نەهاتووەیە)) کە خوا بە بەندەی خۆی بەخشیوە، واتە ((سروشتی ئاوەزی)). ئەم روانگەیە لە سەدەکانی دواتر زۆر جار دووپات بۆوە. ئەو وتانەی فرا جۆرد لە ساڵی ١٣٠٦ لە فلۆرانس دەیکردنە ئامۆژگاری، لەو نموونانەن: (خوڵقاندنی هونەرو پیشەسازی مرۆڤ هێشتا نەگەیشتۆتە کۆتایی خۆی و هەرگیز ناشیگاتێ).

بڕوای مەسیحی بەئاوەز و بە پێشکەوتن بناغەیەك بوو سەرکەوتنی رۆژئاوای لەسەر دامەزرا. هەروەك فلیسوفی ناسراو ئالفرێد نورس وایتهید لە وتارێکدا ساڵی ١٩٣٥لە زانکۆی هاروارد ئاماژەی پێکرد، زانست تەنیا لەئەوروپا سەریهەڵدا چونکە تەنیا لەوێ بوو خەڵك وایان بیردەکردەوە کە زانست دەتوانێ بێتەدی و دەبێ بێتەدی، ئەم باوەڕە لە(ئیلاهیاتی سەدەکانی نێوەڕاست وەرگیرابوو)[٣].

پتر لەوە بڕوای مەسیحی بەئاوەزو پێشکەوتن بەداهێنانی تکنیکی ورێکخستن و وپێشکەوتنی واقعی، بەهێز دەبوو کە زۆربەیان مەسیحیەت خۆی بەرهەمی

هێنا بوون. لەو چەند سەدەیەی رابردوودا زۆر لە مرۆڤەکان بەهۆی ئەم تێگەیشتنە بڕوا پێنەکراوە بەهەڵەدا چوون کە گوایا لەسەردەمی رووخانی ئیمپراتۆریای رۆمەوە تا سەدەی یازدەهەم ئەوروپا لەسەردەمە تاریکەکاندا نوقم بووە، واتە چەند سەدە لە نەزانی، پووچی و چارەڕەشی، دەربازبوونیشی کتوپڕ ومەعجیزەئاسا سەرەتا بە یارمەتیی رێنسانس و دواتر بەهۆی رۆشنگەرییەوە بوو.کەچی لەم دواییانەدا ئەنسکلوپیدیاکان و زانستناسەکان سەرئەنجام سەلماندیان کە هەمووی ئەوانە درۆ بوون!

لە قۆناغی بەناو سەدە تاریکەکان دابوو کە زانست وپیشەسازی ئەوروپا وەپێش باقیی جیهان کەوت، هێندێکیان داهێنان و دۆزینەوەی نوێ بوون و هێندێکیشیان لە ئاسیا سەرچاوەیان گرتبوو. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو: چۆن پانتایی ئەو پیشەسازییە نوێانە لە ئەوروپا پەسند کراو پەی بەبایەخیان برا.لە دەوروبەری سەدەی ١٠ی زایینیدا ئەوروپا لە تەکنۆلۆجی و ئامرازەکانی کشتوکاڵ وەپێش باقیی جیهان کەوتبوو،خاوەنی توانای تایبەت بوو لە بەکارهێنانی ئاوو هێزی ئاو، خاوەنی ئامرازو شێوازی پێشکەوتوویی سەربازیش بوو. ئەوەی لە داهێنانی سەدەکانی نێوەڕاست دا دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، داهێنانی شێوەیەکی تەواو نوێ بوو لە رێکخستن و چالاکیی بازرگانی و پیشەسازیدا، واتە لە سەرمایەداریدا.

سەرمایەداری لە زەوی وزاری پەرستگەکاندا گەشەی کرد.بە درێژایی سەدەکانی نێوەڕاست کڵێسا گەورەمالیکی زەویی ئەوروپا بوو، سامان و داهاتی ساڵانەی لە کۆی داهاتی هەموو خانەدانەکانی ئەوروپا پتربوو. بەشی زۆری ئەو سامانە دەچووە ناو خەزێنەی گرووپە ئاینییەکان. نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە گەورەترین ئاغای خاوەن زەوی بوون، بەڵکوو بۆ ئەنجامدای خزمەتگوزاریی بۆنە دینییەکان. پاشای ئینگلستان هانری حەوتەم بۆ بەرێوەبردنی ١٠٠٠٠ بۆنەی(عیشای رەبانی) و لێبوردنی رۆحی ،پارەیەکی زۆری خەرج کرد. بەپێشکەوتنی بەرچاوی تەکنیکی کشتوکاڵ گرووپە ئاینییەکان زێدە بەرهەمی باشیان دەسکەوت. بەم شێوەیە کڵێسا نەك هەر دەستی کرد بەسەرمایەگوزاری دووبارەی سوودەکانی خۆی بۆ زیادکردنی بەرهەم، بەڵکوو رووی کردە شێوەکانی دیکەی دەستخستنی داهاتیش. گروپە ئاینییەکان رادەیەکی بەرچاو پارەی نەخدیان هەبوو دەستیان بە پارە بە قەرزدان کرد لەبەرامبەر سوود. هەرزوو بارمتەیان داهێنا واتە بارمتەی زەوی لەبەرامبەر پارەی قەرز (بارمتە Mortgoge واتە بەڵگەی بێگیان dead Pledge) بەم چەشنە هەموو داهاتەکانی زەوی لە پەرستگەکان کۆدەبۆوە. چونکە داهاتی زەوییەك کە بارمتە کرابوو لە(دەرماڵە) کەی کەم نەدەکردەوە. ئەم شێوازە، زەوی کشتوکاڵی پەرستگەکانی پترکرد، چونکە راهیبەکان چوکترین گومانیان لە جێبەجێکردنی بەڵگەنامەکان دا نەبوو. لەوەش زیاتر زۆربەی پەرستگەکان پشتیان بەهێزی کار دەبەست و توانایەکی باڵایان لەمەڕ بەکارهێنانی نوێترین تکنۆلۆجی پێشکەوتوو، نیشان دا: بەم چەشنە سەرمایەداری گەیشتە جێ.

سەرەڕای ئەوە مەسیحییەتیش وەك ئایینە سەرەکییەکانی دیکەی جیهان بۆ ماوەی چەند سەدە روانگەیەکی لێڵی هەبوو. کە سوودی زۆربەی گرووپە کلیسانشینەکان لەڕادە بەدەر زیادی کرد، بەهەر چەندێك با بەفراوانی بازاڕ پارەیان بەسوود دەدا . ئەوان رۆژ لە

دوای رۆژ پتر دەکەوتنە بەر رخنەی وشکە پیاوانی ئاینیی.

بە لەبەر چاوگرتنی پابەندی دمڕاستە مەسیحییەکان بەئاوەزو پێشکەوتن، ئەوەی لە پەرستگەکاندا بەڕێوەچوو پێداچوونەوەیەك بوو بە دەستووورە نەریتییەکانی مەسیحیەتدا. پرسیاری ئەوان ئەمە بوو : نرخی دادوەرانەی فرۆشتنی هەر کالآیەك چەندە؟ بەپێی نەریتی ئالبێرتوس ماگنوس(١١٩٣-٣٨٠) کە لەسەردەمی خۆیدا ناودار بوو، نرخی دادوەرانەی کالآیەك ئەو بەهایە بوو کە کڕیارو فرۆشیار لە بازاڕ لەسەری رێك دەکەوتن[٤]. واتە نرخی دادوەرانە سوود دیاریی ناکا، بەڵکوو ئەو ئەندازەیەی کڕیار رازییە بیدا بۆ کڕینی کالآیەکە. ئەگەر ئادام سمیت ئەوکات بووبایە ئەو تیۆرییەی پەسەند دەکردوو سێنیت توماس ئاکویناس(٧٤-١٣٣٥)لەگەڵی هاوڕا دەبوو. ژمارەیەك دمڕاستە ناودارەکان کە ئەوسا دژی سوودخۆری بوون، لەدژی ئەو رایە وەستان، بەڵام زۆری نەخایاند بەسەرنج دانی واقعی کۆمەڵگا سوودخۆریان دووبارە پێناسە کردەوە. بۆ وێنە ئەگەر سوودێك کە بۆ قەرەبووکردنەوەی دەستی خاڵی خاوەن قەرزێك بدرابا بەسود خۆری دانەدەنرا، ئەمەش سەلماندنی ئاسان بوو. ئەوەی بەم شێوەیە روویدا لەخۆیدا گۆڕانێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە زۆربەی ئەو دمڕاستانە هەر چۆنێك بێ پیاوانی گۆشەگیر و زۆربەیان ژیانێکی هەژارییان گرتبوو بەر، چلەکێشی و خواپەرستی لە کلیساکاندا درێژەی هەبوو"، وێ نەدەچوو نەریتی دژایەتی کردنی بازرگانی لەوە هێورتر ببێتەوە. سەرەنجام وای لێهات بە رەهەندە شۆرشگێرییەکانیەوە بوو بە دەرەنجامی راستەوخۆی رووبەڕووبوونەوەی پێداویستییە دنیاییەکان.

سەرپەرشتانی کلیسا سەرەڕای تێکڕ کردەوە باشەکانیان لە خێرو خێرات، نەیان دەویست هەموو سامانی کلیسا بدەن بەهەژاران. ئەوان بەرهەمەکانی خۆیان بە نرخی تەواو بوو دەفرۆشت یا قەرزی بێ سوودیان دەدا بەمیرەکان. بەشداریی چالاکانەی گرووپە ئاینییە گەورەکان لە بازاڕی ئازادا بوو بە هۆی ئەوەی دمڕاستەکان بە شێوازی بازرگانیدا بچنەوە.

گرووپە ئاینییەکان توانیان بە پێو دانگی ئامانجە ئابوورییەکانەوە بچن، چونکە بەپێی پێویست بەتوانا بوون تا بەرامبەر هەوڵی خانەدانە چاوچنۆکەکان بوەستن کە دەیانویست دەست بەسەر سامانەکانیاندا بگرن. بەڵام بۆ ئەوەی بە تەواوی کامڵ بوون و گەشەی سەرمایەداریی سکولار دەرکەوێ هێشتا بوونی ئازادی بەربلاو چاوەدێریی و بێبەری لە موڵکایەتی پێویست بوو. لەم رووەوە سەرمایەداری سکولار سەرەتا لە دەوڵەت شارە کەم تا زۆر دیموکراتەکانی باکووری ئیتالیا سەریهەڵدا، کە دامەزراوە سیاسییەکان راستەوخۆ و راست و رەوان لەسەر دەستوورەکانی کڵێسا لەمەڕ ئازادی و یەکسانی رەوشت بەند بوون.

ئاگوستین، ئاکویناس و دمڕاستەکانی تری مەسیحی ڕایانگەیاند چۆن لەولاتدا رێزی موڵکایەتی تایبەت بگیرێ وبایەخی پێبدرێ وهاوولاتیان لە بەدواداچوونی ویستەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەستدرێژییان نەکرێتە سەر. جگە لەوە ئەم دەستووورە سەرەکییەی ئاینی مەسیحیش سەرنجی دەدرایە: لەنایەکسانییە دنیایی و واقعیەکان بەولاوە، نایەکسانی لەهیچ واتایەکیدا بوونی نییە: لەلای خواو لە دنیای دیکەدا هەموو یەکسانن. هەروەك پوڵسی موقەدەس دەڵێ: (جوولەکە،

یۆنانی،دیل،ئازاد، نێرو مێ جیاوازیان نییە، چونکە هەمووتان لە عیسا مەسیحدا کورت دەبنەوە).

دەمڕاست و ڕێبەرانی کلیسا هێمایەك بوون بۆ ئەم هزرە،لە هەموو مێژووی تۆمارکراوی رابردوودا کۆیلەتی پرسێکی گشتگیر بوو.ئاینی مەسیح لەجیهانێکدا سەری هەڵدا کەنیوەی دانیشتوانەکەی کۆیلە بوون . بەڵام لەسەدەی حەوتەمدا مەسیحییەت تاکە ئایینی گەورەی جیهان بوو راست ورەوان دژایەتی خۆی بەرامبەر بە کۆیلەداری دەربڕی ،لە سەدەی یازدەهەم دابوو کڵێسا ئەو نەریتە ترسناکەی لە ئەوروپا وەدەرنا. دواتر سەرهەڵدانەوەی کۆیلەداری لە جیهانی نوێ (ئەمریکا) بابەتێکی دیکەیە. هەرچەندە لەوێش پاپەکان و هەموو بزوتنەوەکانی نەهێشتنی کۆیلەداری بەتوندی رخنەیان لەو کویلەدارییە گرت.

کاری ئازاد بنەمایەك بوو بۆ دەرکەوتنی سەرمایەداری. چونکە کرێکارانی ئازاد دەتوانن پاداشتەکانیان بەکاری زیاتر یا بەرهەمدارتر بە بەراورد لەگەڵ رابردوو پتر بکەن. بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی بە زۆرەملێ کار دەکەن لەکارکردنی زیاتر بەولاوە هیچیان دەست ناکەوێ، بەواتایەکی دیکە چەوساندنەوە تەنیا هێندێ کەس دەوڵەمەند دەکا، بەڵام سەرمایەداری دەتوانێ هەمووان ساماندار بکا. لەم رووەوە کاتێك کە دەوڵەت شارەکانی باکووری ئیتاڵیا سەرمایەدارییان گەشە پێدا، ئەو گەشتیارانەی سەردانی شارەکانی ئەوانیان دەکرد بەدیتنی ئاستی ژیان ئەوان سەرسام دەبوون و دەیانبینی هەر کەس بە هەموو توانایەوە خەریکی کارە. سەرچاوەی هاوبەشی هەموو ئەو گۆڕانە مێژووییانە پابەندبوونی ئایینی مەسیح بوو بەئاوەز ، هەر لەبەر ئەوە بوو رۆژئاوا سەرکەوت.

## پەراوێزەکان

١- رودنی ستارك پرۆفیسۆری زانستە مرۆییەکان لە Boylor University, ئەم وتارە لە کتێبی ئەو ((سەرکەوتنی ئاوەز: چۆن مەسیحییەت بەئازادی و سەرمایەداری و سەرکەوتن گەیشت)) وەرگیراوەو کورت کراوەتەوە.

1- How Christioty and Capitalism Led to Science by Rodny Stark Chronicle Review Volume. 52.

٢- لویس مامفورد لە یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی (ئەفسانەی ماشێن) بەوردی ئاماژەی بەم هەڵە مێژووییەی ماکس ڤیبەر کردووە. ئەگەرچی کتێبەکەی مامفۆرد بۆ خۆی جۆرێك مێژوویی دارمانی رۆژئاوا یا ژیاری مرۆڤایەتییە و بەشێوەیەکە کە لە مێژوودا دەرکەوتووەو رەوتی مێژوویی مرۆڤایەتی بەگشتی بەشێوەیەکی نەرێنی هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام خاڵی سەرنج راکێش و ئەزموونبەخشی زۆر تێدایە. سەبارەت بەماکس ڤیبەر دەنووسێ:

((تیۆری کلاسیکی کەڵەکەبوونی سەرمایە لەسەرمایەداریدا سەرەتا لە سەدەکانی نێوەڕاست دا هاتەگۆڕێ، دیارە نەك بەهۆی ئابووریزانەکانەوە بەڵکوو لە لایەن زانا وانەبێژەکان و ئەویش راست بەهۆی تێکڕای وانە ئیلاهیاتییەکانی گەنجینەی رزگاری: لە رێگای خۆپاراستن لە خواردن و خۆپارێزی و لە خۆبوردووییەوە، دەسکەوتە دینییەکان کەڵەکە دەبن ، بەم شێوەیە لە جیهانی دیکەدا هەقدەستی بێ ئەژمار دەستکەوێ. یەکێك لەو زانایانە ( Vincent de Beavais) لە سەرەتای سەدەی سێزدەهەم دا خەڵکی وریاکردووە کە نەك تەنیا بۆ گوزەران بەڵکوو بۆ پاشەکەوتیش کاربکەن. واتە ئەو شتەی دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان. ئەو توێژەرانەی هاوکاتیی دەرکەوتنی رۆحی سەرمایەداری لەگەڵ پرۆتستانێزمی ماکس ڤیبەر دووپات دەکەنەوە دەبێ رێگایەك بۆ سڕینەوەی ئەو بەڵگە

زۆرانەی سەدەکانی نێوەڕاست بدۆزنەوە کە ئەو تیۆرە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە)). وەرگێڕ.

ئەم دێڕەی وایتهید کە لەکتێبی ((زانست و ئایین)) لە نووسینی ئەیان بارجور (وەرگێڕی پوختی مامۆستا خورەمشاهی) وەرگیراوە هەمیشە ڕێنوێنی من بووە: ((وا بیر ناکەمەوە تەنانەت گەورەترین یارمەتیدەری کلتووری سەدەکانی نێوەڕاستم بە بزوتنەوەی زانستیم روون کردبێتەوە. بڕوای قایمی ئەوکاتم ئەوە بووە: هەر ڕووداوێکی بچووك دەتوانێ بەروونی پەیوەندی بەڕووداوەکانی پێش خۆیەوە هەبێ و نیشانەی بنەمایەکی گشتی بێ.. کاتێك ئەو تێڕوانینە ئەوروپا لەگەڵ ڕێگەچارەی ژیارەکانی دیکە، واتە خودی ژیارەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندییان لەگەڵ ئەوروپا، هەڵسەنگێنین بەو ئاکامە دەگەین کە دەبێ سەرچاوەیەکی هەبێ. دەبێ لە پێداگریی سەدەکانی نێوەڕاست لە سەر ئەقلانییەتی خواوەند سەرچاوەی گرتبێ، کە بە خاوەنی هێزی مرۆڤئاساو، بە ئاوەزیی فەیلەسووفە یۆنانییەکان دێتە بەرچاو. لە ئاسیا وێناندنی زۆرینە بۆ خوا بریتییە لەبوونەوەرێك کە زۆر لاسارو سەرەڕۆیە یان زۆر لە مرۆڤ جیاوازە کە دانەپاڵی ئەم جۆرە ئاکارانە شوێنیەوار لەسەر خو و خدەیی زەین دادەنێ... بۆچوونی من ئەوەیە کە بڕوا بە توانای زانست کە لەکۆنەوە کاریگەر بووە لەسەرپەیدابوون و کامڵ بوونی تیۆری زانستی، بێئاگایانە لە ئیلاهیاتی سەدەکانی نێوەڕاست وەرگیراوە)) .وەرگێڕی فارسی.

٤- ئەگەر راستی ئەم قسەیەی ئالبێرتووس ماگنوس قبووڵ بکەین، دەبێ بەم ئاکامە بگەین کە زیاتر لە حەوت سەدە لەوەپێش، ئەو بەراستییەك گەیشت کە چەپەکان هێشتا پێی نەگەیشتوون. لەلای ئەوان بەهای راستەقینەی کاڵایەکە نەك لە بایەخی بەکارهێنانی بەڵکوو لە شتێکی ناروونەوە بەناوی بایەخی گۆڕینەوە، سەرچاوە دەگرێ. لای ئەوان بایەخی کاڵایەك شتێکی زەینییە (ناگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاڵایەکە لەلای بەکارهێنەر) ،بەڵکوو بە ،کاری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی، مەزندە دەکرێ کە بڕێکی دیاریکراوە یادەکرێ بەوردی دیاری بکرێ. ئەم هەڵەیە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە لەلای ئەوان سەرچاوەی سامان یەکەشت زیاتر نییە: ئەویش(کار)ە، کارێ کە لە باسکەکانی کرێکارەوە سەرچاوە دەگرێ نەك کارێك کە ناپرۆلتێرەکان ئەنجامی دەدەن. کەواتە کاری بازاڕییەکان، فرۆشیاران و ئەو کەسانەش کە وەشوێن ڕێگا نوێیەکانی وەدەست هێنانی سامانەوەن بەکاری راستەقینە دانانرێ. وێناندنی کار لەبەرهەمەکانی مارکس دا، زۆر لێڵ و چەند لایەنییە و یا باشتر بڵێین بەتوندی لەژێر کارلێکی بیری رۆمانتیك دایە. لە حاڵێکدا بەبڕوای ئەو راو بۆ هۆزە سەرەتاییەکان جۆرێك کارە، بەڵام کار لە مانای راستەقینەیداو لە نووسینەکانی مارکس دا تەنیا و تەنیا کاری کرێکارانی کارگەکانەو بەس. دەتوانێن ئەوەش زیاد کەین،بەپێی یاسا برەودارەکانی فیزیك ، بەبێ سەرفی وزە (تەنانەت لە دەروونناسیشدا) هیچ شێوەیەکی ((کار)) شیاوی ئەنجامدان نییە. لە واتای گشتیدا هەر شتێك مرۆڤ ئەنجامیدا جۆرێك کارە، تەنانەت ئەگەر ئازار ئەشکەنجەی بەندییەکان لەلایەن پۆلیسیشەوە بێ. لەواتایەکی ئاوا بەربڵاودا دیارە سەرچاوەی هەموو سامانەکان کارە، تەنانەت ئەو سامانانەی کە مرۆڤ رۆڵی لە (وەدەستهێنانیاندا) نییە، چونکە تەنانەت بۆ بەرهەمهاتنی کاربۆهیدراتەکان لە رەوتی فتوسێنتێر لە رووەکەکان دا (ئەو شتەی کە بەبێ ئەو ژیان لە شێوازە سەرەتاییەکەی تێنەدەپەڕی) یا بۆ هەمان بەرهەم بەواتای کشتوکاڵی، وزەی خۆر پێویستییەکی سەرەتاییە. کەواتە لە روانینێکی ئاوا بەربڵاودا کار سەرچاوەی هەموو جۆرە سامانێکە، لێرەدا چالاکی زەینیی سەرمادار و بانکدارەکانیش بەکاری راستەقینە دەژمێردرێن. وەلێ بەکورتی بەبڕوای من ئەم جۆرە روانگانە(هێلکە یامریشك) چ بۆ بەرگری لە سۆسیالیزم بێ یا سەرمایەداری، گەلێك منداڵانەو رووکەشن دەبێ خۆیان لێ بپارێزین)) وەرگێڕ .

سەرچاوە: ماڵپەڕی

WWW. iran. emrooz.net